# مامۆستا جەمال براو بەرپرسی خەباتم بوو

شەهید جەمال تاهیر یەکێك بوو لەوانە هەموو ژیانی خۆی, لەپێناوی گەلەکەیدا تەرخانکرد و هەر لەپێناوی گەلەکەشیا چووە ریزی کاروانی نەمرانی گەلەکەمانەوە.

شەهید جەمال هەر لەساڵی 1960-ەوە, تێکەڵاوی جووڵانەوەی نیشتمانی کورد بوو. بووبەیەکێك لەئەندامە چالاکەکانی یەکێتی قوتابیان‌و پاشان ئەندامی پارتی و لەخەباتی ژێر زەمینی ساڵانی 61-62-63دا نموونەی یەکێك لەگەنجە هەرەدڵسۆزو چالاك‌و چاونەترسەکانی ناوشاری سلێمانی بوو, کە بەوپەڕی لەخۆ بڕان‌و هۆشیارییەوە, بەشداریی ئەکرد لە سازمان‌و ڕێکخستنی قوتابیان‌و خەڵکی تری گەڕەکەکاندا بۆ کۆبوونەوە لە ڕێکخستنی شۆڕش‌و یارمەتیدانیان‌و هاوکاری کردنی شۆڕش‌و پێشمەرگەدا, هەروەکو لە دوایشدا کە بووبەمامۆستا. یەکێك بوو لەومامۆستا شۆڕشگێڕانەی لە هەرگوندو لەهەرقوتابخانەو شارێکدا مامۆستا بووبێت, دەورێکی کاریگەرو گرنگی ئەگێڕا. لەپەروەردەکردنی قوتابیان بەگیانی نیشتمانپەروەریی‌و بەرەنگاریی داگیرکەران‌و خۆشەویستی جوتیاران‌و ڕەنجدەرانی گەلەکەمان...

شەهید جەمال لەژیانی سیاسیدا, لەڕێکخراوی قوتابیان, لەڕێکخراوی کرێکاران‌و پاشان لە لیژنەی ناوچەی سلێمانی پارتیدا ئەندام بوو. لەکۆتایی شەستەکانەوە, بیرو باوەڕی پرولیتاریا واتە تیۆری شۆڕشگێڕانەی مارکسیزم لینینیزمی کردە چرای رۆشنکردنەوەی بیرو ڕێگای خەباتی خۆی‌و لەناو هاوڕێکانیدا بڵاوی ئەکردەوە. بە ڕێکوپێکی کاری بۆ فێربوونی ژیرانەوکەڵك وەرگرتنی داهێنەرانە ئەکرد, تا ساڵی 1970 کە ئەڵقە ناوکییەکانی کۆمەڵە دامەزرا, ئەویش لەیەکێك لەوئەڵقانەدا بەوپەڕی چالاکی‌و ژیری‌و هوشیارییەوە کەوتە کارکردن.

لەکاتی هەڵگیرسانەوەی شەڕی نێوان کوردو حکومەتی عێراقدا, ساڵی 1974 وەکو هەزاران تێکۆشەری تری گەلەکەمان چەکی شەرەفی پێشمەرگایەتی کردەشان‌و ئەوئەرکانەی شۆڕش پێی ئەسپارد بە دڵسۆزی‌و لەخۆبڕانەوە جێبەجێی ئەکردن, هەر لەئەنجامی خەباتی شۆڕشگێڕانەو بەرەنگاری رژێمی فاشیستەکانی بەغدا, کاك حەمەرەشیدی برامان گیراو لەساڵی 1974 بەدڕەفتارترین شێوە لەسێدارە درا, کە هەتا ئێستا تاوانی وا نەکراوە کەسەری لەلەشی جیاکرابۆوە.

لەساڵی 1975 کە قۆناغی نوێی خەباتی شۆڕشگێڕانەی ژێرزەمینی دەستی پێکردو کۆمەڵە ئەبوو ڕۆڵێکی کاریگەرو سەرەکی بگێڕێ لە هەڵسانەوەی باری کەوتووی جوڵانەوەی نیشتمانی کوردو لەسازدان‌و هاندانی خەڵك‌و لە پێکهێنانی ڕێکخستنیدا شەهید جەمال قۆڵی مەردایەتی لێ هەڵماڵی‌و بە پەرۆشێکی کەم وێنەوە کەوتە پێکهێنانی شانەو ئەڵقەبۆ کۆمەڵەو پێکهێنانی خەتی جیاجیای یەکێتی نیشتمانی کوردستان, لەناو شارەکان‌و سەرانسەری کوردستانی عێراقدا. بەهەوڵ‌و خەباتی شەهید جەمالی تێکۆشەر بۆ پێکەوە گرێدانی خەباتی شارو شاخ بەیەکەوە. بەدەیان کادرو ئەندام و پێشمەرگە هاتنە ریزەکانی شۆڕشەوە. سەدان تێکۆشەری هێنایە کۆڕی خەباتی شۆڕشگێڕانەی ژێرزەمینییەوە لەناوشارەکانی کوردستاندا. هەرلەخانەقینەوە تا زاخۆ, لە ناوەڕاست‌و خوارووی عێراقدا.

Document Produced by deskPDF Unregistered :: http://www.docudesk.com

هەر لەئەنجامی ئەم لێوەشاوەیی‌و کارامەییە کەم وێنەیەدا لەساڵی 1978 لەبەهاردا. پاش کۆبوونەوەی فراوانی کادرەکانی کۆمەڵە. شەهید جەمال کرا بەلێپرسراوی کۆمیتەی سەرکردایەتی ڕێکخستنی ناوشارەکان‌و سەرکردایەتی هەموو ڕێکخستنەوەکانی کۆمەڵەو بەشێك لە ڕێکخستنەکانی یەکێتی نیشتمانی کوردستان, لەسەرتاسەری شارەکانی کوردستانی عێراقدا...

شەهید جەمال‌ی برام لەساڵی 1979, بۆ جاری یەکەم لەزیندانی فاشستەکانی عێراقدا ماوەیەکی درێژ لەژێر ئازارو ئەشکەنجەی جەستەیی‌و گیانی‌دا مایەوە بەقارەمانێتییەوە لەو تاقیکردنەوەیە وەکو قارەمانی یەکەمی زیندان, لەئەنجامی لێبوردنەکەی 1979دا ئازاد کرا بۆیە, بەڕێز (مام جەلال) نازناوی قارەمانی یەکەمی زیندانی لێنا.

لەگەڵ ئەو هەموو ئەشکەنجەو ئازارەدا, لەگەڵ ئەو هەموو نهێنی ڕێکخستنانەی کەلای بوو, ناوی کەسی نەهێناو تەنانەت حاشای لە ڕێکخستنی خۆشی کرد, لەگەڵ ئەوەشدا دۆستێکی نزیکی خۆمان گیرابوو, پەیتاپەیتا ئیعتیرافی لەسەر ئەکرد بەڵام شەهید جەمال قارەمانانە, بەرەنگاری دەبۆوەو نەیانتوانی بەهیچ شێوەیەك کەڵکی لێ وەربگرن.

ئازارو ئەشکەنجەی زیندان‌و چاوسوورکردنەوەی جەللادو چەتەوڵەکانی ڕژێم‌و چاودێرکردنی بەردەوامی جاسوسەکان, نەیانتوانی مامۆستا جەمال لە خەبات سارد بکەنەوە, بەڵکە هەر دەستبەجێ کەوتەوە ڕاپەڕاندنی ئەوئەرکە گرنگانەی خرابوونە ئەستۆی, لەرابەری کردنی کۆمیتەی سەرکردایەتی شارەکان‌و لەئامۆژگاری‌و ڕێنوێنی ڕێکخراوەکانی خوێندکاران‌و مامۆستایان کەرتی شەهید لەپلای ژنان‌و مەفرەزەکانی ناوشار.

بەڵام زۆری نەخایاند, لەساڵی 1981 بۆجاری دووهەم شەهید جەمال گیرایەوە لەلایەن دامودەزگاکانی ڕژێمەوە, نزیکەی (9)مانگ رەبەق لەژووری تەنیایی ئازاردانی ئەمنی سلێمانی‌دا لەژوورێکی پڕ لە ئاو بەبرسێتی‌و نەخەوتن‌و لێدان‌و هەڵواسین‌و هەموو شێوە جۆراوجۆرەکانی ئەشکەنجەدانی جەستەیی‌و گیانی فاشیانە لەگەڵ خەریك بوون, بۆ ئەوەی نهێنی‌یەکانی ڕێکخستنی پێ بدرکێنن, لەبەرئەوەی کاربەدەستانی ڕژێم زۆرباش ئەیانزانی کە لێپرسراوی سلێمانییە... بەڵام شەهید جەمال ئەمجارەش شەرەفی قارەمانێتی زیندانی پاراست, تەنانەت بەشایەتی دوژمنەکانیشی و بەسەربەرزیی لە لێبوردنێکی گشتیدا ئازاد کرا لە 1982/7/14.

ئەوشەوەی کەبڕیاربوو, بۆ بەیانی بەربین لەکات ژمێر (9)ی شەودا, شەهید جەمال‌یان کرد بە ژورەکەی ئێمەدا کە ئەوکاتە منیش لەگەڵ چەند تێکۆشەرێکی تردا گیرابووم. لەکاتی ڕاپەڕین‌و خۆپیشاندان‌و مانگرتنەکانی شارەکانی کوردستان.... ئەوشەوە قسەی بۆ ئێمە کرد وتی ڕێ‌تێناچێ ئەولێبوردنە شمولی ئەوبکات و ئەوشوێنەی ئێمەی بەشوێنێکی زۆر خۆش‌و ئیسراحەت دەزانی, کەئەیووت من لەشوێنێکدا بەند بووم, هەرکەسێکیان دەهێنا یەك سەعات خۆی ڕانەئەگرت‌و ئیعتیرافی دەکرد, ئەم نۆ مانگی ڕەبەق لەوشوێنە مایەوە, بەبێ ئەوەی ناوی کەس بەرێت یاخود ئیعتیراف لەسەرخۆی بکات کە ڕژێم دەیزانی ناوە نهێنیەکەشی (سەرکەوت)ە کەبۆ بەیانی بەربووین, بەرێوەبەری ئەمن یەکسەر رووی کردە شەهید جەمال‌و وتی تۆ شایەنی بەربوون نیت, بەڵام خۆڕاگری خۆت‌و لێبوردنەکە تۆی بەردا.

بەوشێوەیە ئەوقارەمانەی خەباتی ژێرزەمینی‌و ئەوسەرکردە هەڵکەوتووە ئەوپێشمەرگە دلێرو ئازایە. مامۆستا جەمالی رابەری خۆشەویستی ڕەنجدەرانی کوردستان لە پێناوی ئەومەسەلە پیرۆزەدا لە 1983/7/14 لەکاتی وەرگەڕانی ئوتومبێلەکەیدا لە ڕێگای بالیسان دڵی لەلێدان کەوت .

Document Produced by deskPDF Unregistered :: http://www.docudesk.com

من شانازی بەوەوە دەکەم کە شەهیدی سەرکردە لە دووقۆناغدا لێپرسراوی من بووە جاری یەکەم دوای تێکەڵاوبوونەوەکە لە بەیانی (11)ی ئازار وجاری دووەم لە کۆتایی ساڵی 1976 کە تەکلیفی لێکردم رێکخستن دروستبکەم.

منیش پەیوەندیم کرد بەچەند هەڤاڵێکەوە, یەکێك لەوانە هاوڕێ(سەلیم) دوای ئەوە منو مامۆستا عوسمان پانکەییو هاورێ (سەلیم) باشترین هێڵی ڕێکخستنمان لەو بارودۆخە دژوارەدا دروستکرد.. مامۆستا جەمال برای دڵسۆزو بەرپرسی رۆژانەی خەباتو رێبازی کوردایەتیم بووە, بە مامۆستایی خۆی ئامۆژگاری دەکردم , چۆنو چ کتێبێ بخوێنمەوە, چۆن کارەکانی رێکخستن جێبەجێبکەم... چۆن بەڵگەنامەو نووسینەکانی رێکخستن هەڵبگرمو بیانپارێزم, چۆن مامەڵە لەگەڵ پیاوەکانی رژێمدا بکەم... شەهید راستە خەسارەتێکی گەورەبوو لە (ی.ن.ك)و گەلەکەی کەوت, بەڵام گەورەترین خەسارەبوو لە منی برای, چونکە بە حەق براو بەرپرسی خەباتم بوو, شەهیدبوونەکەی سەروەرییەکی گەورەیەبۆ منو بنەماڵەکەمانو سەرجەم هاورێیانی خەباتی.. هەر کەسێك رۆژێ کاری لەگەڵدا کردبێو ناسیبێتی باوەڕناکەم بەسات لەیادی بکات .

**کەمال تاهیر**

Document Produced by deskPDF Unregistered :: http://www.docudesk.com